ئەمەی لێرەدا بلاوی دەکەینەوە بەشی نۆهەمی پلاتفورمی سیاسی کۆنفرانسی چوارەم ی یەکێتی کۆمۆنیستەکانە کە لە سەرەتای مانگی 4 ئەمساڵ بەسترا. لەبەر گرنگی ئەم باسە پیم باشە سەربەخۆ بلاوی بکەمەوە .

سلاح چاوشین
12-12-2004

# کاری هاوبەشی چەپ لەعێراق

ئەمرۆ بەرەی راست لەعیراقدا لەهەولیکی چرِوپرِدایە بۆ ئەوەی ناکۆکیە سیاسیو ریکخراوەییەکانی نەبیتە ریگر لەبەردەم پاراستنی پایەکانی نیزامی سەرمایەداریو دیفاع لەبەرژوەندیە چینایەتیەکانی بۆرژوازی.

جگەلەوە ریکخراوو کۆمەڵە سیاسیەکانی هەر رەوتیکی سیاسیو کۆمەڵایەتی کەوتونە خۆو بەرەو ئیتلاف پیکدەهێنن، بزووتنەوە ئیسلامیەکان، بزووتنەوە قەومیەکانو باقی رەوتەکانیتر تیکرِا ئەم هەوڵو تەقەلایانەیان دەستپیکردووەو دەیانەوێ بەسەر ناکۆکیە سیاسیەکانیاندا زاڵبن یان لانی کەم چوارچیوەك بۆ ریکەوتنو کاری هاوبەشی نیوانیان بدۆزنەوە.

لەم نیوەدا بزووتنەوەی چەپ، واتە ئەو رێکخراو و کۆمەڵەو هێزە سیاسیانەی دیفاع لەمافە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵك دەکەنو بۆ ریفۆرمی جددی لەژیانو گوزەرانیاندا خەبات دەکەن، لەم بوارەدا زۆر دواکەوتووە. دیارە ریکخراوی ئیمە کاتی خۆی دەستپێشکەری کرد بۆ دەستدانە "کاری هاوبەش"ی چەپو وە لەلایەن هەندێك لایەنو کەسایەتی سیاسی چەپەوە پێشوازی لێکراو سەرەنجام بووە هۆی ئەوەی کەلەهەندێك لەشارەکاندا لیژنەی تایبەت بە کاری هاوبەشی چەپ پێك بێتو رۆژنامەیەك بەناوی "کاری هاوبەش" بەزمانی عەرەبی 1 ژمارەو بەزمانی کوردی 10 ژمارەی لیدەربچێت. ئیمە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کەپشتیوانی خۆمان بۆ ئەو کارانە رادەگەیەنین لەو باوەرەداین کە بارودۆخی سیاسی عێراقو هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی بەرەی راست وە هەروەها خەباتو تیکۆشانی سیاسیو جەماوەری خەلك وادەخوازێت بزووتنەوەی چەپ"کاری هاوبەش" بخاتە دەستوری کاری خۆیەوەو خەباتی بۆ بکات.

لەمبارەیەوە ئێمە باسکردن لەم چەند خاڵەی خوارەوە بەپێویست دەزانین:

1/ بزووتنەوەی چەپ سەرەرِای جیاوازی بیروبۆچوونە سیاسیو فکریەکانیو ناکۆکیەکانی، سەلماندوویەتی کەزۆر خاڵی هاوبەش هەیە پێکەوە کۆیان دەکاتەوەو دەکرێت ببێت بەبنەمای "کاری هاوبەش" نیوانیانو خاڵی دەسپێکی کارەکانیان.

2/ رێ راو ئیمە ئامادەیی خۆی بۆ گفتگۆو دیالۆگ لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و پێویستی کاری هاوبەشی چەپو میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو کارە دەردەبرِێتو هەوڵو تیکۆشانی هەمەلایەنەی خۆی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەو پرۆژەیە وەکو یەکیك لەپرۆژە گرنگەکانی بزووتنەوەی چەپی عێراق دەخاتەگەرِ.